وانەی (٣٦)

١	نوێژ

ڕابەری کۆمەڵەکە : نوێژ بکەو کۆمەڵەکەت وئەم پرۆگرامی ڕاهێنانە تەرخان بکە تایبەت بە مزگێنیدان و بانگەوازی شانشینی خودا .

٢	بەشداریکردن (٢٠ خولەك) ئیشایا

بە نۆرە بەشداری بکەن و پەڕاوی تایبەتی خەڵوەتی ڕۆحیتان **بخوێننەوە** ئەوەی فێری بوون لە خەڵوەت و تێڕامانەکانتان لەو بەشە دیاریکراوەی کتێبی پیرۆز (ئیشایا ٤١، ٤٢ ، ٤٥ ، ٤٦) گوێ بگرن لە ئەو کەسەی بەشداری دەکات ، بەشێوەیەك مامەڵەی لەگەڵ بکەن هەست بکات ئەوەی دەیڵێ جێی بایەخی ئێوەیە ، پێشوازی لێبکەن . مشتومڕی لەگەڵ مەکەن لەو بابەتەی بەشداری پێدەکات ، تەنها تێبینیەکانت بنوسەوە .

٣	لەبەرکردن (٥خولەك) پێداچوونەوە بکەن بۆ ئەو ئایەتانەی لە نامەی ڕۆماوە وەرگیراون

بە شێوەی گروپی دوانەیی (دوو باوەڕدار پێکەوە **پێداچوونەوە** بکەن ، بۆ ئەو ئایەتانەی لە نامەی ڕۆماوە وەرگیراون .

٤	فێرکردن (٨٥ خولەك) ڕۆما ١٠: ١- ٢١

پێشەکی : پۆڵس لە ڕۆما ٩- ١١ دەریدەخات کە جولەکە بێباوەڕەکان ڕەتدەکرێنەوە و ئەو باوەڕدارانەی تر ڕزگاریان دەبێت لە نەتەوەکان سەرپێچیکردنی فێرکردنە ڕوونەکانی کتێبی پیرۆز نیە لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە :

ئەم فێرکردنە پێچەوانەی بەڵێنەکانی خودا نیە چونکە خودا دەسەڵاتدارەو سەروەرە لەوەی کێ هەڵدەبژێرێ و لەگەڵ کێ تواند دەبێت (ڕۆما ٩: ٦- ٢٤) .

لەم پێناوەشدا هۆشداری داوە لە ڕاگەیاندنەکەیدا لە پەیمانی کۆن (ڕۆما ٩: ٢٥- ٢٩ ؛ ١٠: ١٨- ٢١) . بۆیە هیچ بیانوەك نیە بۆ ئیسرائیل کاتێ سەبارەت بەم ڕاستیە هۆشداری دراوەتێ .

سەرەتا پەیامی ڕزگاریی بۆ ئیسرائیل بوو لەماوەی پەیمانی کۆن ، وەك چۆن ئێستا پێشکەش کراوە بۆ نەتەوەکان و جولەکە لە پەیمانی نوێدا (ڕۆما ١٠: ٥- ٨) .

ڕزگاریی لەماوەی پەیمانی کۆن و ماوەی پەیمانی نوێ تەنها بە باوەڕە (بڕوانە پەیدابوون ١٥: ٦ ؛ گەڵاتیە ٣: ٦- ٩ ، ٢٦- ٢٩) . چونکە خخەڵکی بەهۆی بێباوەڕیانەوە ڕەتدەکرێنەوەو بە هۆی باوەڕیانەوە پێشوازیان لێ دەکرێت (ڕۆما ٩: ٣٠- ٣٣ ؛ ١٠: ١- ٤ ، ١١ ، ١٧) بۆیە ئیدی هیچ جیاوازیەك نەما لە نێوان جولەکەو ناجولەکە (نەتەوەکان) ڕۆما ١٠: ١٢- ١٣ .

هەنگاوی ١: بخوێنەوە . وشەی خودا
پێکەوە ڕۆما ١٠: 1- ٢١ **دەخوێنینەوە** .
بە نۆرە هەر کەسێ ئایەتێك بخوێنێتەوە تا هەموو ئایەتەکان بە تەواوی دەخوێنینەوە .

هەنگاوی ٢: ئاشکرای بکە. تێبینیەکان

بیرکەوە . ئەو ڕاستیە کامەیە پێت وایە گرنگە بەلاتەوە سەبارەت بە خۆت لەم ئایەتانەدا ؟ یان لە کۆی گشتی ئەم ئایەتانە کام ڕاستیە چووە ناو هۆش و دڵتەوە ؟

بنوسە . یەك یان دوو ڕاستی ئاشکرا بکە کە تێگەیشتووی لێی . بیریان لێبکەوە و بیرۆکەکانت بنوسە لە پەڕاوەکەتدا .

بەشداری بکە. (دوای ئەوەی ئەندامان کاتێك بەسەردەبەن لە بیرکردنەوەو نوسینەوە ، بە نۆرە بیرۆکەکانتان بەشداری پێبکەن).
هەریەکێکمان بەشداری دەکەین لەو شتانەی کە ئاشکرا کران لەلایەن ئەندامانەوە .
(لەیادت بێت لەهەر کۆمەڵەیەکی بچوکدا ، ئەندامانی کۆمەڵەکە بە شێوەیەکی جیاواز بەشداری دەکەن).

ڕۆما ١٠: 1

<u>ئاشکراکردنی ١: مزگێنیدان بە ئینجیل ڕاستودروستی خودایە بۆ گومڕاکان و لەناوچوان .</u>

ڕۆما ٩ هەروەها بڕوانە ڕۆما ١٠: ١ . مزگێنیدان بە ئینجیل بەرپرسیارێتی و ئەرکی ئێمەیە .

ڕۆما ١٠: ٢- ٤

ئاشکراکردنی ٢: ڕاستودروستی بە لەبەرکردنی شەریعەت چەمکێکی هەڵەیە .

لەبەرامبەر ئەم بەشەدا دوو جۆر ڕاسودروستی هەیە:

ڕاستودروستی شەریعەت ، ئەمە ڕاستودروستیەکە کە جولەکە هەوڵی بۆ دەدا بەدی بهێنێ ، پێیان وایە کە خودا مرۆڤ بێتاوان دەکات یان

ڕاستودروست دەکات بە پاراستنی شەریعەت یاخود لەبەرکردنی شەریعەتی موسایی یان هەر شەریعەتێکی تر .

ڕاستودروستی باوەڕ ، ئەمە ئەو ڕاستودروستیەیە کە لە عیسای مەسیحدایە و خودا بە نیعمەتی خۆی دەیبەخشێت ، بە هەموو ئەوانەی باوەڕیان بە عیسای مەسیحە .

أ. گەلی ئیسرائیل شکستیان خوارد لە بەدەستهێنانی ڕاستودروستی ڕۆما ١٠: ٢- ٣ .

ب. عیسای مەسیح کۆتایی هێنا بە شەریعەت یان ئامانجی تەواوکردنی بوو ڕۆما ١٠: ٤ .

دەکرێ وەرگێڕان بۆ وشەکانی ڕۆما ١٠: ٤ بە دوو شێواز بکرێن .

مەسیح کۆتایی هێنا بە شەریعەت .

واتای شەریعەت لێرەدا ئەو بنەمای ڕاستودروستیەیە لە ڕێگەی پاراستنی شەریعەت یاخود لەبەرکردنی شەریعەتی موسایی بەپێی ڕاڤەی نوسەران و مامۆستایانی جولەکە بوو. مەسیح کۆتایی بەم چەمکە هەڵەیە هێنا سەبارەت بە ڕاستودروستی لەلای جولەکە . وە دەبێت هەموو ئەوانەی پێیان وایە دەتوانن بە پاراستنی شەریعەت ڕاستودروست بن بزانن کە هەڵەن . هیچ کەسێ بە پاراستنی شەریعەت و دەست گرتن بە شەریعەتەوە ڕاستودروست نابێت ، بەڵکو مرۆڤ بە باوەڕ بە عیسای مەسیح ڕاستودروست دەبێت .

مەسیح ئامانجی تەواوکردنی شەریعەت بوو .

واتای شەریعەت لێرەدا ئەوەیە ڕاگەیاندنی پەیمانی کۆنە بە شەریعەتە ئەخلاقی و پەرستش ومەدەنیەکانە ، مەتا ٥: ١٧ . مەسیح نەك شەریعەتەکان ئامانجی پەیمانی کۆن بوە ، بەدیهاتنی و ناوەڕۆکی ، ئیدی بەم شێوەیە خەڵکی لە پەیمانی کۆندا بە باوەڕ بە مەسیا کە دێت ڕاستودروست دەبوون ، وە خەڵکی لە پەیمانی نوێدا تەنها بە ابوەڕ بە عیسای مەسیح کە هات ڕاستودروست دەبن ، هەردوو وەرگێڕانە ڕاستەکە

بۆ واتای ئەم وشانە ڕاستن بەڵام لە نێو چوارچێوەکەدا ڕەنگە بژاردەی یەکەم باشتر بێت .

ڕۆما ١٠: ٥- ٨

ئاشکراکردنی ٣: ڕاستودروستی بە باوەڕ بە عیسای مەسیح فێرکردنی پەیمانی کۆنە .

پۆڵس ئەمانەی وەرگرتۆتەوە لە شەریعەتی پەیمانی کۆن تاکو بیسەلمێنێ کە پەیمانی کۆنیش هەروەها فێری کردووین کە ڕاستودروستی شەریعەت پێچەوانەیە بە تەواوەتی لە ڕاستودروستی باوەڕ .

أ . لێڤیەکان ١٨: ٥ . داواکاری خودا ئەوەیە خەڵکی گوێڕایەڵی بن و ڕاسپاردەکانی بپارێزن بەتەواوەتی ١٠٠٪ وە پۆڵس ئەم پێناسەیە بەکار دەهێنێ بۆ پەیمانی کۆن لێرەدا لە باسی شەریعەت بۆ سەلماندنی ئەوەی مرۆڤ ناتوانێ ڕاسودروست بێت لەبەرچاوی خودا بەم ڕێگەیە چونکە هیچ کەسێ ناتوانێ هەموو شەریعەت بپارێزێ بە تەواوەتی ١٠٠٪ ڕێگەی ڕاسودروستی بە شەریعەت کۆتاییەکەی دۆڕان وشکستە !

ب. وتەکان ٣٠: ١١- ١٣

وتەکان ٣٠: ١١- ١٣ فێرمان دەکات کە ڕاسودروستی بە باوەڕە . هەروەها بڕوانە ڕۆما ١٠: ٦- ٨ ؛ ڕۆما ١: ١٦ .

ج. ئەرکی تەواوکردنی داواکاریە دادپەروەریەکان ئەوەی شەریعەتی خودا نەیداوە بە خەڵکی بەڵکو بە مەسیح ڕۆما ١٠: ٦- ٧ .

ڕۆما ١٠: ٤- ٧ . هەروەها بڕوانە ڕۆما ١: ١٧ ؛ ٣: ٢١- ٢٢ ؛ ٤: ١- ٣ ؛ وتەکان ٢٧: ٩- ٢٦ ؛ وتەکان ٢٨: ٨- ١٤ ؛ وتەکان ٣٠: ١١- ١٤ ؛ وتەکان ٨: ١٧- ١٨ ؛ ٩: ٤- ٦ ؛ عیبرانیەکان ٤: ١- ٣ . ئەوەی پۆڵس دەیەوێ بیڵێ ئەوەیە ئەرکی تەواوکردنی شەریعەت و داواکاریەکانی خودای ڕاسودروست لە پێناوی ڕاستودروستی و پیرۆزیی واتە ڕزگاریی لەسەرەتاوە تا کۆتایی هەرگیز ئەرکێك نەبوە بدرێ بە خەڵکی بەڵکو ئەرکێك بوە دراوە بە عیسای مەسیح وە تەنها ئەویش تەواوی کرد . بڕوانە

یۆحەنا ١: ١٤ ؛ مەتا ٢٧: ٤٦ ؛ ڕۆما ٦: ٤ ؛ ڕۆما ٨: ٢٩- ٣٠ ؛ فیلیپی ١: ٦ ؛ ڕۆما ٤: ٢٥ .

د. ئەو وشەیەی داوای باوەڕ دەکات و باوەڕ دروست دەکات نزیکەو دەکرێ پێی بگەن ڕۆما ١٠: ٨ .

پۆڵس ئەمەش لە وتەکان ٣٠: ١٤ وەردەگرێتەوە هەروەها بڕوانە وتەکان ٥: ٦ ؛ ٦: ٤- ٩ ؛ ٧: ٧- ٩ ؛ ١٠: ١٢- ١٣ ؛ ١١: ١٣- ١٥ ، ٢٢- ٢٥ ؛ ١٨: ١٥- ١٨ ؛ ٢٦: ١٦- ١٩ ؛ ٢٨: ١- ١٤ .

ئەم وشانە دران بە ئیسرائیل لە چوارچێوەی نیعمەتی خودادا، کە چۆن خودا ڕزگاری کردن لە کۆیلایەتی میسریەکان . بەڵام ئەو وشانە ئاراستەیان نەکرا وەك کاروکرداری مرۆڤانە ، داوا نەکرا لە گەلی ئیسرائیل کە شەریعەت بپارێزن تاکو ببنە گەلی خوداو ڕاستودروست بن بەهۆیەوە . بەڵکو پۆڵس ڕوونی دەکاتەوە کە تەنها وشەی باوەڕ ڕاگەیەندراوە لە پەیمانی کۆندا وە هەروەها لە پەیمانی نوێدا وە بەتایبەتی مزگێنی پێدەدرێ بە ئینجیل بۆ ڕزگاریی .

هەروەها بڕوانە ڕۆما ١٠: ١٧ ئەوەی قسەیان پێکرد کاتێ نێردران بۆ مزگێنیدان و ئەوەی مزگێنی ئینجیل دەخاتە دڵ و زاری خەڵکیەوە .

<u>هەنگاوی ٣: پرسیار</u> . ڕونکردنەوە

بیربکەوە : حەز دەکەی کام پرسیارە بخەیتە ڕوو بۆ کۆمەڵەکە لەبارەی ئەم بەشەی کتێبی پیرۆز؟ باشترە هەوڵ بدەین هەموو ئەو ڕاستیانەی ڕاگەیەنراون لە ڕۆما ١٠: 1- ٢١ ، تێ بگەین ، وە ئەو شتانەی تا ئێستا لێی تێنەگەیشتووین پرسیاری لەبارەوە بکەین.

بنوسە: وریا بە لە شێوازی پرسیارەکەت هەوڵ بدە ڕوون بێت ، دواتر پرسیارەکەت لە پەڕاوەکەتدا بنوسەوە.

بەشداری بکە : (دوای ئەوەی ئەندامان کاتێك بەسەردەبەن لە بیرکردنەوەو نوسینەوە ، یەکەمجار داوا لە هەر یەکێکیان بکە پرسیارەکانیان بخەنە ڕوو).

گفتوگۆ بکە : (دوای ئەوە ، هەندێ پرسیار هەڵبژێرە وە هەوڵ بدە لە

ڕێگەی گفتوگۆکردنەوە بە یەکسانی لەگەڵ کۆمەڵەکەتدا وەڵامی بدەوە).
(ئەمانەی خوارەوەش نموونەن بۆ هەندێ پرسیار ڕەنگە ئەندامانی کۆمەڵەکە بیخەنە ڕوو، وە هەندێ تێبینی بەسودن بۆ بەڕێوەبردنی گفتوگۆکردن سەبارەت بە پرسیارەکان).

ڕۆما ١٠: 4

<u>پرسیاری ١ : چۆن دەبێت تێبگەین لە ڕۆما ١٠: ٤ : مەسیح ئامانجی شەریعەتە یان کۆتایی شەریعەتە ؟</u>

تێبینیەکان .

بڕوانە ڕێبەری لێکۆڵینەوەی ١١ پاشکۆی ٥ .

ڕۆما ١٠: ٥

پرسیاری ٢؛ چۆن دەبێت تێبگەین لەو بنەمایەی : ئەو مرۆڤەی کار بەمانە بکات پێی دەژی ؟

تێبینیەکان .

أ. پێش کەوتن لە گوناهەدا .

ڕاستودروستی ڕزگاریی بە گوێرایەڵی شەریعەتی خودا تەنها پێش کەوتن بوو لە گوناهە . بەڵام خودا مەبەستی نەبوو لەم ڕاسپاردانەی بۆ ئادەم لە پەیدابوون ٢: ١٥- ١٧ کە بەهۆیەوە ڕاستودروست بێت و ڕزگاریی بەدەست بهێنێت لە ڕێگەی گوێرایەڵیەوە بەڵکو ئەم ڕاسپاردانە بۆ ئەوە بوو تاکو ئادەم پارێزگاریی لێبکات لە دۆخی ڕاستودروستیدا لە ژیانی تاهەتایی تائەو کاتەی بەردەوام بە گوێرایەڵی دەمێنێتەوە .

ب. دوای کەوتن لە گوناهەدا .

لەماوەی پەیمانی کۆن و دوای کەوتن لە گوناهە کارکردن بە شەریعەت بنەمای ڕاستودروستی و ڕزگاریی نەبوو بەڵکو لێڤیەکان ١٨: ٥ بنەمایەك بوو لە دۆخی بێتاوانی پێش کەوتن لە گوناهەدا . هەروەها بڕوانە لێڤیەکان ١٨: ١- ٥ ؛ دەرچوون ٢٠: ١- ٢ ؛ دەرچوون ٢٠: ٣- ١٧ ؛ وتەکان ٥: ٣٢- ٣٣ .

ڕۆما ١٠: ٩- ١٠

پرسیاری ٣: چۆن باوەڕ بە دڵەوە دەبەسترێتەوە بە دانپیانانی زارەکی ؟

تێبینیەکان .

أ. کورتەو پوختەی مزگێنی ئینجیل .

١کۆرنسۆس ١٥: ١- ٤ ؛ ڕۆما ١٠: ٩- ١٣ .

ب. ئەمەش وەرگیراوە لە وتەکان ٣٠: ١٤ هەروەها بڕوانە مەتا ١٢: ٣٤ ؛ پەندەکان ٤: ٢٣ ؛ ئەفەسۆس ١: ٢٠- ٢٣ ؛ فیلیپی ٢: ٩- ١١ بەراوردی بکە بە مەرقۆس ١: ٣ لەگەڵ ئیشایا ٤٠: ٣ ؛ ڕۆما ٩: ٥ هەروەها بڕوانە مەتا ٧: ٢١- ٢٣ باوەڕ بە بێ دانپیانان هیچ سودێکی نیە هەروەها بڕوانە مەتا ١٠: ٣٢ ؛ یۆحەنا ١٢: ٤٢ ؛ یۆحەنا ٣: ١٨- ٣٦ ؛ ئەفەسۆس ٢: ٨- ١٠ ؛ ٢کۆرنسۆس ٤: ١٣ ؛ یاقوب ٢: ١٧- ٢٢ ؛ ١یۆحەنا ٣: ١٨- ٢٠ ؛ کردار ٤: ٢٠ ؛ ١تیمۆساوس ٦: ١٢ ؛ ١یۆحەنا ٤: ١٥ ؛ ڕۆما ٤: ٥ ؛ ڕۆما ١: ١٦ ؛ ٥: ٩- ١٠ . باوەڕ ئەو باوەشە بەتاڵەیە کراوەتەوە بۆ پێشوازی و لەئامێزگرتنی ڕزگاریی خودا بە نیعمەت .

ڕۆما ١٠: ١١- ١٣

پرسیاری ٤: بۆچی جیاوازی نەما لە نێوان جولەکەو ناجولەکە (نەتەوەکان) ؟

تێبینیەکان .

ئیتر جیاوازی نەما لە نێوان جولەکەو ناجولەکە لەبەر دوو هۆکار:

بڕوانە مەتا ٢٨: ١٨ ؛ فیلیپی ٢: ١١ . عیسای مەسیح خوداوەندی هەموو مرۆڤایەتیە .

مزگێنی ئینجیل بۆ هەموانە .

أ. جیاوازی نیە لە نێوان باوەڕدارانی بە ڕەچەڵەك جولەكەو باوەڕدارانی بە ڕەچەڵەك ناجولەكە (نەتەوەكان) ڕۆما ١٠: ١١.

پۆڵس ئەمە دوبارە دەكاتەوە لە ڕۆما ٩: ٣٣ بڕوانە ئیشایا ٢٨: ١٦ ؛ پەیدابوون ١٥: ٦؛ گەڵاتیە ٣: ٦- ٩ ؛ ئیشایا ١: ٩ ؛ ١٠: ٢٠- ٢٣ ؛ هۆشەع ١: ٦، ٩ ؛ ڕۆما ١: ١٧ ؛ ٢: ١١؛ ٣: ١٠- ١٨ ، ٢٢- ٢٤ ، ٢٩- ٣٠ ؛ ٤: ٩- ١٢ ؛ ٥: ١٨- ١٩ ؛ ٩: ٢٤؛ ١٠: ١٢؛ ١١: ٣٢ ؛ ١كۆرنسۆس ٧: ١٩ ؛ گەڵاتیە ٣: ٩، ٢٩ ؛ ٥: ٦ ؛ ٦: ١٥ ؛ ئەفسۆس ٢: ١٤- ١٨ ؛ ٣: ٢- ٦ ؛ كۆلۆسی ٣: ١١؛ ١پەترۆس ٢: ٩- ١٠ .

ب. جیاوازی نیە لە نێوان خوداوەندی جولەكەو خوداوەندی نەتەوەكان ڕۆما ١٠: ١٢ .

عیسای مەسیح خوداوەندی هەموانە هیچ جیاوازیەك نیە لە نێوان جولەكەو ناجولەكە بڕوانە مەتا ٢٨: ١٨ ؛ هەروەها بڕوانە یۆئیل ٢: ٣٢ ؛ كردار ٢: ٢١ ؛ ڕۆما ١٠: ١٣ ؛ ڕۆما ٣: ٢٩ ؛ مەتا ٢٨: ١٨ ؛ ئەفەسۆس ١: ٢٠- ٢٣ ؛ بینین ١٧: ١٤ حەجی ٢: ٨ ؛ زەبور ٥٠: ١٠- ١٢ ؛ ئەفەسۆس ١: ٣ ؛ ٢: ٧ ؛ كۆلۆسی ٢: ٩ ؛ یۆحەنا ١: ١٦- ١٧ .

ج. هەموو ئەوانەی بەناوی خوداوەندەوە بانگ دەكەن هیچ جیاوازیەك نیە لە نێوان جولەكەو وناجولەكە . ڕۆما ١٠: ١٣ .

پۆڵس ئەمە لە ئۆئیل ٢: ٣٢ وەردەگرێتەوە هەروەها بڕوانە مەتا ١٤: ٣٣ ؛ ٢٨: ٩، ١٧ ؛ لۆقا ٢٤: ٥٢ ؛ یۆحەنا ٩: ٣٨ ؛ بینین ٥: ٦- ١٤ . هیچ جیاوازیەك نیە لە نێوان جولەكەو ناجولەكە (نەتەوەكان) . وە دەبێت مزگێنی ئینجیل بڵاوبكرێتەوە لە هەموو شوێنێك وبگاتە هەموان .

ڕۆما ١٠: ١٤- ١٥

پرسیاری ٥: چۆن دەبێت باوەڕداران مزگێنی ئینجیل ڕابگەیەنن؟

تێبینیەکان .

پۆڵس لە ڕۆما ١٠: ١٤- ١٥ دەڵێ ئیتر چۆن لە یەکێك دەپاڕێنەوە کە باوەڕیان پێی نەهێنابێت؟ چۆن باوەڕ بە یەکێك دەهێنن ئەگەر نەیانبیستبێت؟ چۆنیش دەیبیستن بێ ئەوەی یەکێك پێیان ڕابگەیەنێت؟ هەروەها چۆن ڕادەگەیەنن ئەگەر نەنێردرابن؟ وەك نووسراوە: چەند جوانە پێیەکانی ئەوانەی مزگێنی خۆشی دەدەن ! .

أ. گرنگی مزگێنیدان بە ئینجیل و ڕاگەیاندنی .

ئەم دوو ئایەتە فێرمان دەکات کە دەبێت مزگێنی بدرێ بە ئینجیل بۆ هەموان چونکە بەبێ مزگێنیدان بە ئینجیل کەس نایەت بۆ باوەڕ بە عیسای مەسیح .

ب. ڕیزبەندی مێژووی لە کردەی ڕزگاریی .

بڕوانە ڕۆما ١٠: ١- ٣ ، ١٩ ، ٢١؛ ١١: ١ .

ج. نێردراوان .

نێردراوان ڕاسپێردراون چونکە عیسای مەسیح ناردوونی . لۆقا ١٠: ١٦ ؛ بڕوانە ٢کۆرنسۆس ٥: ١٨- ٢٠ ؛ یەرمیا ٢٣: ٩- ٣٢ ؛ ئیشایا ٥٢: ٧ .

د. گوێبیستیی ڕاستەقینە لە مزگێنی ئینجیل .

دەبێت خەڵکی گوێیان لە مزگێنی ئینجیل بێت بەو واتایەی دەبێت لێی تێبگەن تاکو بتوانن وەڵامدانەوەیان هەبێت بۆی .

هـ. گوێبیستیی چاوپێکەوتنی کەسێتیە .

وەرگێڕانەی وشەبەندی بۆ ئایەتی ١٤ ئەوەیە : چۆن بڕوایان پێی هەیە گەر گوێبیستی نەبووبن بڕوانە لۆقا ٩: ٣٥ هەروەها ڕۆما ١٠: ١٧ .

و. باوەڕ چاوپێکەوتنی کەسێتیە .

باوەڕ بە عیسای مەسیح چاوپێکەوتنێکی کەسێتیە لەگەڵ وشەکانی عیسا لە نامەی ئینجیلدا دواتر چاوپێکەوتنە لەگەڵ خودی عیسای مەسیح .

ڕۆما ١٠: ١٦- ٢١

پرسیاری ٦: هۆکار چیە کە هیچ پاساو وبیانوێك نیە بۆ وەڵام نەدانەوەی گەلی ئیسرائیل بۆ مزگێنی ئینجیل ؟

تێبینیەکان . ڕۆما ١٠: ١٦- ١٨ ، بەدڵنیاییەوە گەلی ئیسرائیل گوێیان لە مزگێنی ئینجیل بوو بەڵام زۆربەیان ڕەتیان کردەوە وە ئەوان خواستی خودایان دەزانی لەبەرامبەریان بەڵام زۆربەیان بەردەوام بوون لە یاخی بوون .

بڕوانە ڕۆما ١٠: ١٩- ٢١ هەروەها ڕۆما ١٠: ١٤- ٢١ ، عیبرانیەکان ٢: ١ ؛ ٤: ١- ٢ وە بەشەکانی ڕۆما ٩- ١١ .

أ. گەلی ئیسرائیل مزگێنی ئینجیلیان ڕەتکردەوە ڕۆما ١٠: ١٦ . هەروەها بڕوانە ڕۆما ٩: ٢٧ ؛ ١٠: ٢١ ؛ ئیشایا ٥٣: ١ ؛ ١یۆحەنا ١: ١١ ؛ ١کۆرنسۆس ١٠: ٥ .

ب. باوەڕ بەهۆی گوێبیستن لە مزگێنی ئینجیلەوە دێت ڕۆما ١٠: ١٧.

کتێبی پیرۆز زۆر بانگەواز وهاندان لە خۆ دەگرێ لەبارەی وەڵامدانەوە بۆ پەیامی خودا بڕوانە مەتا ١١: ١٥ ؛ ١٣: ٩ ، ٤٣ ؛ لۆقا ٨: ٨ ؛ ١٤: ٣٥ ؛ بینین ٢: ٧ ، ١١، ١٧ ، ٢٩ ؛ ٣: ٦ ؛ ١٣: ٩ .

ج. گەلی ئیسرائیل گوێبیستی مزگێنی ئینجیل بوو ڕۆما ١٠: ١٨ .

جولەکە ناتوانن حاشا بکەن و بڵێن گوێمان لە مزگێنی ئینجیل نەبوە چونکە گوێبیستی پەیامی باوەڕ بوون لە پێنج پەرتوکەکەی موسادا بڕوانە پەیدابوون ١٥: ٦ ؛ گەڵاتیە ٣: ٨ ؛ وتەکان ٣٠: ١١- ١٤ ؛ ڕۆما ١٠: ٦- ٨ ؛ زەبور ١٩: ٤ ؛ زەبور ١٩: ١- ٦ ؛ زەبور ١٩: ٧- ١٤ .
هەروەها بڕوانە کردار ١٧: ٢٤- ٣١ ؛ ڕۆما ١: ١٩- ٢٠ ؛ ٢: ١٥ ؛

زەبور ١٩ ؛ ڕۆما ٣: ٢١- ٢٢ ؛ کردار ١: ٨ ؛ مەتا ٢٨: ١٩ ؛ ٢٤: ١٤ ؛ کردار ١٥: ٢٢- ٢٤ ؛ فیلیپی ١: ١٢- ١٣ ؛ کۆلۆسی ١: ٦ ؛ یۆحەنا ١٢: ١٩ ؛ کردار ٢: ٤١، ٤٧ ؛ ٤: ٤؛ ١٧: ٦ .

د. گەلی ئیسرائیل تێگەیشتن لە مزگێنی ئینجیل ڕۆما ١٠: ١٩ .

جولەکە ناتوانن حاشا بکەن و بڵێن تێنەگەیشتوونە لە مزگێنی ئینجیل ، وە نەزانیان هۆکار نەبوە بۆ بێباوەڕیان بەڵکو ئامادەنەبوون بۆ گوێرایەڵ بوون و ڕەتیان کردەوە . وتەکان ٣٢: ٢١ ؛ مەتا ٢١: ٤٢- ٤٤ ؛ کردار ١٣: ٤٤- ٤٨ .

هـ . ئیدی گەلی ئیسرائیل سنوریان بەزاند بەهۆی یاخی بوونیانەوە ڕۆما ١٠: ٢٠ .

پۆلس ئەمە لە ئیشایا ٦٥: ١ وە وەردەگرێتەوە کە ئیشایا ئاماژە دەکات بۆ گەلی ئیسرائیل بەڵام وشەکانی پۆڵس بەسەر نەتەوەکانیشدا بەهەمان شێوە پەیڕەو دەکرێت .

بڕوانە ئیسایا ٦٣: ٩- ١١ ؛ ٦٤: ١٢ هەروەها هۆشەع ٢: ٢٣ و ١: ١٠ ؛ ڕۆما ٩: ٢٥- ٢٦ ئیشایا ٦٥: ١ ڕۆما ١٠: ٢٠ ؛ ئیشایا ٤٩: ٦؛ ٥٦: ١- ٨ ؛ بڕوانە ڕۆما ١١: ١٤ .

و. گەلی ئیسرائیل بە بەرپرسیارێتی دەمێننەوە لەوەی خوداو مەسیحەکەیان ڕەتکردەوە ڕۆما ١٠: ٢١ . پۆڵس ئەمەی لە وتەکانی ئیشایا ٦٥: ٢ وەرگرتەوە بڕوانە مەتا ٢٣: ٣٧- ٣٨ ؛ ڕۆما ١٠: ٩ ؛ ١١: ٢٣ .

هەنگاوی ٤: پەیرەوی بکە. **پەیڕەوکردن**

بیربکەوە : چی ڕاستیەك لەم بەشەی کتێبدا هاتوە دەشێ باوەڕداران بە شێوەی پراکتیك پەیڕەوی بکەن ؟

بەشداری بکەو بنوسە: وەرن پێکەوە بیربکەینەوە و هەندێ پەیڕەوکردن بنوسینەوەو تەواو بکەین لە ڕۆما 10: ١- 21 .

بیربکەوە : ئەو پەیڕەوکردنە پێشنیارکراوە کامەیە کە خودا دەیەوێ بیگۆڕێ بە پەیڕەوکردنی کەسێتی ؟

بنوسە : ئەم پەیڕەوکردنە کەسێتیە بنوسە لە پەڕاوەکەتدا. بەشداری بکە بە ئازادی لەو پەیڕەوکردنە کەسێتیەی کە خودا داینناوە لەسەر دڵت.

(لەیادت بێت ئەندامانی هەموو کۆمەڵەیەك ڕاستیە جیاوازەکان پەیڕەودەکەن ، یان لە هەمان ڕاستیدا پەیڕەوکردن ی جیاواز دەردەهێنن . ئەمانەی خوارەوە هەندێ پەیڕەوکردنی پێشنیارکراون).

١- نمونە لەسەر پەیڕەوکردنی پێشنیارکراو لە ڕۆما 10: ١- 21 :

١٠: ١ : بە پەرۆشەوەو بە دڵێکی ئازاوە نوێژەکانت با تایبەت بن بە گومڕاکان ولەناوچوانی ئەم جیهانە .

١٠: ٢ : ئازایەتی ئایینی گەر لەسەر زانیاری ڕاستی و ڕاگەیەنراو نەبێت لە کتێبی پیرۆزدا پوچە .

١٠: ٣ : هەوڵ مەدە هەرگیز ڕاسودروستی خۆت بسەلمێنی لەبەردەم خودا بەڵکو پێشوازی بکە لە ڕاستودروستیەکەی ئەو .

١٠: ٩- ١٠ : بە دڵ باوەڕ بهێنە بە عیسای مەسیح و بە دەم دان بنێ بەو باوەڕەدا لەبەردەم خەڵکانی تر .

١٠: ١٤- ١٥ : بە تەواوەتی دڵنیا بە کە خەڵکی ناتوانن بێن بۆ باوەڕ ئەگەر گوێبیستی مزگێنی ئینجیل نەبن ولێی تێنەگەن .

١٠: ١٦ : ئاگادار بە ملکەچی پەیامی کتێبی پیرۆز و فێرکردنەکانی بە هەر جارێك گوێبیستی دەبیت.

١٠: ١٩- ٢٠ : دەرپەڕەو مزگێنی ئینجیل بدە بە خەڵکی ، ئەوانەی پێشتر نەیانبیستووە ، چونکە خودا بەڵێنی داوە ئەوانە بدۆزێتەوە .

٢. نمونە لەسەر پەیڕەوکردنی کەسێتی :

أ . دەمەوێ بەردەوام بم لە گوێڕایەڵی وشەکانی خودا ئەوەی دەیخوێنمەوەو لە خەڵوەتمدا یان لە کڵێسادا گوێم لێیان دەبێت .

ب. دەمەوێ دەرپەڕم و مزگێنی ئینجیل بدەم بەوانەی تا ئێستا گوێبیستی نەبوون .

هەنگاوی ٥: نوێژ بکە **هاتنەدەنگ**

بە نۆرە نوێژ دەکەین ، هەریەکێك سەبارەت بە یەك ڕاستی کە خودا فێری کردین لە ڕێگەی ئایەتەکانیەوە لە ڕۆما 10: 1- 21 .

(بەدەنگەوە هاتنت لە نوێژەکەتدا بۆ ئەو شتەی فێری بوویت لە وانەی ئەم کتێبەدا). پڕۆقە بکەن لەسەر نوێژی کورت کە پێکهاتبێ لە ڕستەیەك یان دوان . لە یادت بێت ئەندامانی هەر کۆمەڵەیەك دەکرێ نوێژ بکەن سەبارەت بە کاروباری جیاواز تر).

٥	**نوێژ** (٨ خولەك) **نوێژی داکۆکیکاری**

بەردەوام بن لە نوێژ لە شێوەی کۆمەڵەی دووانەیی یان سیانی . نوێژەکانتان بەرز بکەنەوە لە پێناوی یەکتر و لە پێناوی خەڵکی جیهان.

٦	**ئەرکی ماڵەوە** (دوو خولەك) بۆ **وانەی داهاتوو**

ڕابەری کۆمەڵەکە . ئەرکی داهاتوو بدە بە ئەندامانی کۆمەڵەکەت بە شێوەی نوسراو ، یان داوایان لێ بکە لە پەڕاوەکانیاندا بینوسن.
١- بەڵێن . بەڵێندان بە ڕاهێنانی قوتابیەکانی خوداوەند و بونیادنانی کڵێسای مەسیح و جارِی موژدەی شانشینیی .
٢- وتاری ئامۆژگاری یان فێرکردن ، یان وانە دابەشکردن (لەگەڵ کەسێکی تر یان لەگەڵ کۆمەڵێکدا) ڕۆما 10: 1- 21.
٣- خەڵوەتی ڕۆحی . چێژ وەربگرە لە خەڵوەتی ڕۆحی لەگەڵ خودا و هەموو ڕۆژێك هاوکاری وەربگرە لە نیوەی بەشێك لە ئیشایا 48، 49 ،52، 53. باشترین شێوازی ڕاست بەکاربهێنە و تێبینیەکانت بنوسەوە.